# جامیعەی عەرەبی وپیاوێکی نەخۆش!

## کەمال ڕەئوف

لەدوای ئەوەی بیری نەتەوەیی لای عەرەب بۆ یەکگرتنەوەی نەتەوەو نیشتمانی عەرەبی لەسەردەستی حکومەت و دەسەلأتە عەرەبییە لوکالێیەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم شکستی پێهێنراو بڕوابوون بەهەلۆەشاندنەوەی سنورەکانی نێوانیان و یەکگرتنەوە بوونە خەون و خەیالێکی دوور لەواقیع و تەنها لەدروشمەکانیاندا مایەوە, نەتەوەییەکان بۆداپۆشینی ئەم شکستە بیریان لە ئەلتەرناتیڤێکی تر کردەوە و لەبەرانبەر جەبەرووتی حکومەتەکاندا تەسایم بەئەمری واقیع بوون, هەرچی دەسەلأتدارنی ئەوکاتەی عەرەبیش هەبوو بۆ قوتدان و هەلۆشینی هێزە نەتەوەییەکانیان پێویستیان بەوەبوو کە لەگەلّ ئەو ئەلتەرناتیڤەی تردا بچنە پێشەوەو ڕێکخراوەیەکی عەرەبی لەسەرهەمان بیرۆکەی نەتەوەیی دامەزرێنن کەهیچ نەبێت ببێتە خالّی ناوکۆیی وڕێککەوتن گەلێك لەنێوانیاندا لەسەر لایەنی کەمی خالّە هاوبەشەکانیان بهێنێتە ئاراوەو لە ڕێکخراوەیەدا بتوانن بوونی یەکپارچەیی نیشتمانیان و یەك نەتەوەییان وەك کلێشەیەك بپارێزن , ئەم چارەسەرە کەچارەسەرکردنێکی مامناوەندی و میانەڕەوانە بوو لەهەمانکاتیشدا گەمەیەکی سیاسی بوو لەنێوان ئاکامەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ کە نیشتمانی عەرەبی لەتکردبوو لەگەلّ ئەو هەولأنەی کەلەلایەن بیری نەتەوەیی عەرەبیەوە کەلە کۆتای سالأنی سیەکاندا دەدرا بۆدروستکردن و فراوانکردنەوەی سوریای گەورەو یەکگرتنەوەی چەند ولأتی عەرەبی , ئەو ڕێکخراوەیە کە لە1945/3/22 دا دامەزرا بەنیازی ئەوەی کە ئەلتەرناتیڤی بیرۆکەی نەتەوەیی عەرەبی بێت ئەو ڕێکخراوەیەبوو کە ناوی( **جامعة الدول العربية**)



لێنرا و تاکوئێستاش وەك ڕێکخراوەیەکی عەرەبی دەولّەتی کە نیشتمانی عەرەبی بەجێگەی خ
ۆی دەزانێت بوونی هەیە , ئەو ڕێکخراوەیە کەلەسەر کەلاوەکانی شکستی نەتەوەی عەرەبی دروست بوو بەو بیرۆکانە خۆی تیئوریزە کرد کەچیتر ئەوانیش ئەو نەتەوەو کەمایەتیانە ڕەتبکەنەوە کەلەو جوغرافیایە دەژین کە ئەوان ناویان ناوە نیشتمانی عەرەبی , هەربۆیە نێوەندی ئەو ڕێکخراوەیە بەوشێوازە دەستی بەکار کرد کەزیاتر لە دیوەخانێکی پیاوماقولانی شۆڤێنیستی عەرەبی بچێت , لەبەرنامەکانیشیدا هیچ ئاماژەیەکی بە بوونی ئەو نەتەوەو ئاینانەی تر نەدا کە غەیرە ئیسلام و غەیرە عەرەبن , بەپێچەوانەوە پێی لەسەر ئەوەدا گرت کە ئەو ڕێکخراوەیە بۆ کۆمەککردنی مادی و سیاسی ولأتانی عەرەبییە و بۆ بەرگرتن بە هێرش و هەرکردەوەیەکی سەربازی ئەگەر لەدەرەوە یان لەناوەوە لەنێوان ولأتانی

ئەندامی نێو ڕێکخراوەکە هاتە ئاراوە , هەروەها بۆ بەرگرتن بێت بە دەستێوەردانی کاروباری یەکتری و ڕێگە خۆشکەربێت بۆ لەیەك گەیشتن , هەربۆیە بەندەکانی پێنج و شەش ئەو ڕێکخراوەیە دەیەوێت ئەو هیواو ئومێدانە لەدڵی نەتەوەییەکاندا ببزوێنێ وبەزیندوێتی بهێڵێتەوە کە وڵاتانی عەرەبی هەرچەندە لەچەند دەسەڵات وحکومەتی جیاواز پێکهاتوون بەڵام لەئاکامدا هەریەك دەروازەیان لەبەر دەمدایە کە ئەویش چڕبوونەوەو یەکگرتنەوەیە لە ژێر چەتری بیری نەتەوەیی عەرەبی ولەیەك نزیك بوونەوەیە تائاستی یەك جەستە و یەك ڕۆح بوون , بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو قسە نەخشین وبۆچوونە نەتەوەییانەدا کەلەبەرنامەکەی ئەو ڕێکخراوەدا هاتووە هەرکەسێك گەر بەخێرایی چاو بەکارنامەکانی ڕابردووی ئەو ڕێکخراوەیەدا بخشێنێت بەئاسانی دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەو ریکخراوەیە جگەلەوەی کە هیچ پێشهاتێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕاست دەرنەچووە جگەلەوەی کەنەی توانیووە هیچ ڕێگریەك دروست بکات لەبەردەم گیانی دوژمنکارانەی دەسەڵاتە عەرەبیەکاندا بەر بەهیچ هێرشێك بگرێت کەچی لەلای حکومەتە باڵادەستەکانی عەرەبییەوە جێگەو ڕێگەیەکی دیاری دراوەتێ وسەرانی ڕێکخراوەکەش لەبەرانبەردا بوونەتە بوقی دەسەڵاتەکان و چاویان لەهەر کەموو کوڕیەك پۆشیوە کە ئەو دەسەڵاتە شمولی و نادیموکراتیانە دەرهەق بەخەڵکی وڵاتەکانیان کردوویانە, لەلایەکی تریشەوە ئەم ڕێکخراوەیە پێچەوانەی بەندەکانی بەرنامەکەی مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکانی نێوان وولاتانی عەرەبی کردووە و نەی توانیوە هەڵوێستێکی پۆزەتیفانە نیشان بدات هەربۆیە بەدرێژایی پتر لەسی ساڵ داگیرکردنی لەشکری سوریا لەلوبنان ئەو ڕێکخراوەیە نەك هەڵویستی نەگرت بەڵکو داکۆکیشی لەو داگیر کردنە کردوە , لەمەڕ مەسەلەی داگیر کردنیکوێتیش لەلایەن عێراقەوە هەمان هەڵوێستی نیشان دا هەربۆیە نابێت لامان سەیربێت کە (عمر موسی) سەرۆکی ئێستای ڕێکخراوەکە کەلەگەڵ کەسایەتیکی ناسراوی وەك ئەدۆنیس خەڵاتی شارەزایەتی و پسپۆڕی سیاسی و مرۆدۆستی دەدرێتی , لەوەڵامی بەدیموکراتی کردنی دەسەڵاتە عەرەبیەکاندا بڵێت : هەموو دەسەڵاتە عەرەبییەکان دیموکراتین و بەرێژەی لەسەدا نەوەت و نۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون , کاتێکیش لەبەرانبەر گۆڕەبەکۆمەڵەکانی عێراق پرسیاری لێدەکرێت , ئەوەندە دەمی بکرێتەوە بڵێت: ئەوەی ڕوویداوە هەڵەبووە , ئەو دەیەوێت بەبەکاربردنی ووشەی هەڵە ئیتر بەرپرسیارێتی لەسەرشانی خۆیی و دەسەڵاتە عەرەبیەکان لاببات و چاوی خۆی بنوقێنێت لەوەی کەلەچەند ساڵی ڕابردوودا لەووڵاتانەی کە ئەو بەدیموکراتی ناوی دەبات چی گوزەراوە و بە وشەی هەڵەبوون مانای ڕاستەقینەی هەموو ئەو کارە دڕندانەی کە دەرهەق بەخەڵکی هەژاری عەرەب و نەیاری حکومەتەکان یان بەخەڵکی کورد لەسوریاو عێراق , قیبتیەکان لەمیسرو مەسیحیەکانی سودان ئەوانی تر کراوە بسڕێتەوە.



لەسۆنگەی ناسینەوەی ئەم مێژووە ڕەش و پڕشەرمەزارییەی ئەو ڕێکخراوەیەوە کە دروست وایە ئەگەر حکومەتی ئایندەی عێراق خۆی بەحکومەتێکی دیموکراتی و جیاواز لەدەسەڵاتەکانی تری عەرەبی بزانێت هەق وایە هەڵوێستێکی جیاوازی

هەبێت دەرهەق بەم ڕێکخراوەیە , وەئەگەر کوردیش پۆستی ئیداری و سیاسی سیادی عێراقی کەوتە دەست ئەوە بەدڵنیاییەوە دەبێت هەڵوێستی لەمەڕ ئەم ڕێکخراوەیە لەهەموو لایەنەکانی تر ڕۆشنتر بێت , چونکە بەم هەڵوێستەی نەك هەر داکۆکی لەمافەکانی نەتەوەی خۆیی و خاکەکەی دەکات, بەڵکو ئەوا بۆیەکەم جاریش دەبێت کە کورد بەڕەسمی وئاشکرا و لەخاڵی بەهێزیەوە داکۆکی لەو کەمەنەتەوەیانە بکات کە کورد نین و لەو چوارچێوەیەدا دەژین کە ناوی نیشتمانی عەرەبی بەسەردا سەپێنراوە .